پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری تەشەهودی - تەحیاتی- دەکردین هەروەکو چۆن فێری سورەتێکی لە قورئانی دەکردین

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری تەشەهودی - تەحیاتی- دەکردین هەروەکو چۆن فێری سورەتێکی لە قورئانی دەکردین، دەیفەرموو: «(التحيَّات المباركات، الصَّلَوَاتُ الطَّيِّبَاتُ لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وَبَرَكَاتُهُ، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وأشهد أنَّ محمَّدا رسول الله)*»، ولە گێڕانەوەی (ئیبن ڕومح)دا: «هەروەکو چۆن فێری قورئانی دەکردین». *(هەموو ستایشێکی گەورە وبە مەزن دانان وپیرۆز وموبارەک، وهەموو نوێژکردنێک وهەموو قسە وکردەوەیەکی باش وجوان وخێرکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتە بە دڵسۆزی بۆ خوای گەورە ئەنجامەدرێت، سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە، وسەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە، شاهێدی دەدەم بە -دان دەنێم- بەوەی [لا إله إلا الله ومحمد رسول الله] واتە: [بەوەی کە هیچ پەرستراوێک ڕاست وهەق نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله، وموحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەر ونێردراوی خودایە])

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ڕوونکردنەوەی شێوازێکی خوێندنی تەشەهودە -تەحیاتە- لە نوێژدا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هاوەڵان فێری بن هەروەکو چۆن فێری قورئانی دەکردن، وشێوازەکەش ئەمەیە: (التحيَّات المباركات، الصَّلَوَاتُ الطَّيِّبَاتُ لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وَبَرَكَاتُهُ، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وأشهد أنَّ محمَّدا رسول الله)*، ئەمیش لەو شێوازی خوێندنی تەحیاتە - تەشەهودە- دەچێت کە لە گێڕانەوەکەی -ئیبن مەسعود-ەوە هاتووە -ڕەزای خوای لێبێت-، وتەنها وشەی (المباركات) واتە: (پیرۆزەکان) زیاد کراوە، وسڕینەوەی پیتی (و) لە دوو وشەی پاشتر ئاماژەیە بۆ ڕێگەپێدراوی -دروستی- خوێندنی شێوازە جیاوازەکانی تەشەهود -تەحیات- بەو شێوەیەی لە سونەتدا هاتووە. *(هەموو ستایشێکی گەورە وبە مەزن دانان وپیرۆز وموبارەک، وهەموو نوێژکردنێک وهەموو قسە وکردەوەیەکی باش وجوان وخێرکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتە بە دڵسۆزی بۆ خوای گەورە ئەنجامەدرێت، سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە، وسەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە، شاهێدی دەدەم بە -دان دەنێم- بەوەی [لا إله إلا الله ومحمد رسول الله] واتە: [بەوەی کە هیچ پەرستراوێک ڕاست وهەق نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله، وموحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەر ونێردراوی خودایە])

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10943